# نامەیەکی بەپەلە بۆ بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت

بۆ ئەو کەسەی ئینتەرنێت بەکاردەهێنێ ئەم نامەیەم دیارییەکی بچکۆلانەیە بۆ تۆی بەڕێز لەچەند ووشەیەکی سادەداو ئامۆژگارییەکی کورتە لەچەند ڕاوەستانێکداو داوام لە پەروەردگارا کەببێتە مایەی سوودمەندیو ڕێنموونی بۆ ڕێگە ڕاستەکەی ئیسلام.

١ــ تێڕامان و ڕاوەستانی یەکەم: ئینتەرنێت چییە؟ وە چۆن پەیدابوو؟

لە سەرەتایی ئەیلولی ١٩٦٩ی زایینی توانرا زانیاری لەنێوان دوو کۆمپیوتەردا پەیوەست بکرێت کەچەند مەترێك دووریان بوو لەکالیفۆرنیا لەڕێگەی تەلەفۆنەوە. ئەمە سەرەتایی پەیدابوونی ئەم تۆڕە ئینتەرنێتییە بوو. دوایی زاناکان ڕۆژ بەڕۆژ توانیان پەرە بەم تۆڕە بدەن تاوەکو ژمارەی خەڵك گەیشتە (١٨٠) ملیۆن بەکارهێنەر بۆ تۆڕی ئینتەرنێت لەڕێگەی (٢٥) ملیۆن ئامێری کۆمپیوتەرەوە، کە ئەمە گەورەترین داهێنان بوو لەڕووی زانستییەوە لە چەرخی بیستەمدا.

٢ــ تێڕامان و ڕاوەستانی دووەم: ئینتەرنێت یەکێکە لەنیشانە بچووکەکانی ڕۆژی دوایی، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿والله خلقكم وما تعملون﴾ [الصافات:٩٦].

وە دەفەرموێت: ﴿علم الإنسان ما لم يعلم﴾ [العلق:٥].

وعن أبي هريرة (ﷺ) قال: قال رسول الله -ﷺ-: (لاتقوم الساعة حتى تظهر الفتن ويكثر الكذب وتتقارب الاسواق ويتقارب الزمان) وفي الرواية (ويقترب الزمان ويكثر الهرج، قيل وما الهرج؟ قال: القتل) رواه أحمد.

زانای پایەبەرز (إبن باز) ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ دەربارەی ووشەی ((يتقارب الزمان)) دەفەرموێت: ئەوەیە کەلەم سەردەمەدا ڕووی داوە لەنزیکی نێوان شارەکان و وولاتەکان لەڕێگەی داهێنانی تازەوە نموونەی وەکو ئۆتۆمبێل و فڕۆکەو کەناڵەکان و ...

برای بەڕێزم: ئەگەر تۆزێك ڕابوەستین و بیربکەینەوە دەبینین ئینتەرنێت گەورەترین هۆکارێکە کەدوورترین پەیوەندی نزیك دەکاتەوە، پاشان ئەگەر بڕوانینە فەرموودەکە دەفەرموێت: (تتقارب الاسواق) واتە (بازاڕەکان نزیك دەکرێنەوە) بەمانای (تۆ دەتوانیت هەرچیت بوێت دەستت دەکەوێت زۆر بەئاسانی لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە بۆ کڕین و فرۆشتن). پێگەی ئینتەرنێتی هەیە تایبەتە بەم بوارە نزیکەی (٣٥٠) هەزار شت و مەکی تێدا هەیە بۆ فرۆشتن.

٣ــ تێڕامان و ڕاوەستانی سێیەم: ئینتەرنێت و بانگەواز بۆ ڕێگەی خوا، ئەم بانگەوازەیان بۆ بانگەوازخوازانی ڕێگەی خوایە.

بانگەوازخواز دەتوانێت سوودی گەورە لەم داهێنانە وەربگرێ، وە هۆکارێکی گەورەی بڵاوکردنەوەی نووسین و بابەتە شەرعییەکانە کەخەڵکی ئەتوانن سوودمەندبن لەڕێگەی پێگە ئیسلامییەکانەوە، وە لەگەڵ هەر گۆڕانێکی تازە دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بەزاناو پیاوە ناودارەکانی بواری بانگەوازەوە کەوەڵامی پرسیارەکانت بدەنەوە.

وە خەڵکێکی زۆری بیانی لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە بوون بەئیسلام و موسڵمان بوونی خۆیانیان ئاشکرا کردووە.

## ٤_ تێڕامان و ڕاوەستانی چوارەم: ئینتەرنێت و بەکارهێنانی بۆ مەبەستی خراپ:

ڕاستە ئەم تۆڕە س وودی هەیە بەڵام زیانی زۆرترە لە سوودی. وە خەڵکی تووشی نەخۆشی کات کوشتن کردووە، بەشێوەیەك هەر منداڵێکی ئەمەریکی لە ٦سەعات_ ١٠سەعات ڕۆژانە ئینتەرنێت بەکاردەهێنن، بۆیە دایك و باوکەکان ناچاربوون چاودێری بخەنە سەر منداڵەکانیان بۆ ئەوەی بۆ مەبەستی خراپ بەکاری نەهێنن، وە نیشانەی بێزاری بەڕووخساریاندا دیارە لەبڵاوبوونەوەی ئەو هەموو بابەتە خراپانەی کە لەئینتەرنیچتدا ڕۆژ بەدوای ڕۆژ لەزیادبوندایە. ئەمە ئەگەر بێ باوەڕەکان ئەمە حاڵیان بێت دەی دەبێت ئێمە چی بکەین؟!

وە زیانی ئەم تۆڕە زۆر زۆرە، سەرژمێری کراوە لە ٧٠٪ خەڵك ئینتەرنێت بۆ مەبەستی خراپ بەکاردەهێنن، وە لە ٨٥٪ ئەمریکی‌یەکان بۆ مەبەستی بەدڕەوشتی بەکاری دەهێنن، وە لە ٩٥٪ گەنجەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەچنە پێگەی خراپەوە.

وە حەزدەکەم سەرنجتان بۆ ئەم بەسەرهاتە ڕاستی‌یە ڕاستەیە ڕابکێشم کە ئافرەتێك دەیگێڕێنەوەو دەڵێت: من خاوەنی سێ منداڵم، مێردەکەم پیاوێکی لەخواترس بوو و نوێژی بەیانیانی لەمزگەوت دەکردو ڕۆژەکانی تەرخان کردبوو بۆ خودا پەرستی بەتایبەتی ڕۆژی هەینی تەرخان کردبوو بۆ سەردانی هەژاران و نزیکەکانی، بەڵام کەئەم تۆڕەی بەکارهێنا "تۆڕی ئینتەرنێت"، سەرئەنجام ڕۆژ ادوای ڕۆژ سیس تر دەبوو لەپەرستشەکانی بەوێنەیەك نوێژەکانی لەکلتی خۆی نەدەکرد وە زۆربەی کاتەکانی تەرخان کردبوو بۆ پێگە خراپەکان لەپێناوی ئارەزووەکانی وە منی تەواو پەرێزاو خست بوو.

ئەی خوێنەری بەڕێز: خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿يعلَم خائِنةَ الأعينِ وما تخفِي الصدور﴾ (١٩) سورة غافر خوای پەروەردگار ئاگای لەهەموو شتەکانە نهێنی و ئاشکراکان، باش بزانە چێژی دونیا کاتی‌یە کۆتایی پێ دێت. وە لەخوا بترسە کاتێك کەدەچیتە سەر ئینتەرنێت، خوا چاودێرە بەسەرتەوە ئاگات لێ بێت.

## ٥_ تێڕامان و ڕاوەستانی پێنجەم: ئالوودەبوون (مەست بوون) بەئینتەرنێت:

ئالوودەبوون تەنها بەمادە بێ هۆشکەرەکان نی‌یە، بەڵکو هەندێك خەڵکی ئالوودە دەبن بەئینتەرنێت، لەسیفەتەکانی ئەو کەسانەی کەئالوودە بوون (مەست بوون) بەئینتەرنێت:

١. حەزکردن و تەواو سەرقاڵ بوون بە ئینتەرنێت.
٢. هەست بەئازار کردن لەگەڵ دابڕان لەئینتەرنێت.
٣. دڵ تەنگی و بێزاری و ناڕەحەتی بەڕووخساری کەسی ئالوودەبوو (مەست بوو).
٤. لەدەستدانی کارو پیشە.
٥. کەوتنە نێو گێژاوی تاوان و بەدکاری‌یەوە.

## ٦_ تێڕامان و ڕاوەستانی شەشەم: چەند ئامۆژگاری‌یەك بۆ بەکارهێنەری ئینتەرنێت:

١) ئەگەر پێویستت نەبوو بەئینتەرنێت بەکاری مەهێنە وە ڕێگە بەمنداڵەکانت مەدە کەبەکاری بهێنن.

٢) ئەگەر پێویستت بەئینتەرنێت هەبوو ئەوا ئەم خاڵانە ڕەچاو بکە:
- ✓ ئەم تۆڕە ئینتەرنێتیە فەراهەم مەکە بۆ منداڵ و تازە پیگەیشتوو.
- ✓ پێویستە ئینتەرنێت کاتێك بەکاری دەهێنی سوودی هەبێت وەکو سوودی شەرعی (بانگەواز ـ بڵاوکردنەوەی زانست) یان بەکاربهێنرێ بۆ لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی ماستەرو دکتۆرا، وە پێویستە خۆت بپارێزیت لەبەکارهێنانی وەکو هۆکارێکی کات بەسەربردن یان گەڕان بەدوای ڕووداو کەهیچ پێویستیت پێ نەبێت.
- ✓ وریاو ئاگاداربە ! شەیتان فریوت نەدات بەبیانووی بەشداربوون لەم تۆڕە بەناوی هەمەجۆرو ڕەنگاو ڕەنگ وە هەندێك جار بەناوی ((بانگەواز لەڕێگەی خوا)) . وە خۆت وەڵامی ئەم پرسیارە بدەرەوە ئایا زۆربەی کات پێگەو ماڵپەڕی ئیسلامخوازان بەکاردەهێنی یان ماڵپەڕی بەدڕەوشتیو بەدکاری؟؟

ئەی خوێنەری خۆشەویست: پێویستە لەسەرمان پەیوەست بین بەئاینمان و بەڕەوشتمان وەهەوڵ بدەین ڕۆژ بەدوای ڕۆژ ڕەنگ دانەوەی زیاتر لەووتەو کردەوەمان دەرکەوێت، وە تاوان بچووك بێت یان گەورە هەر سەرپێچیە کەواتە تۆ بیر لەگەورەو بچووکی تاوان مەکەرەوە بەڵکو بیر لەگەورەی ئەو زاتە بکەرەوە کەسەرپێچیت کردووە کەئەویش ((خوای پەروەردگارە)). وە پێشینانی ئێمە باشترین نموونەی خوداپەرستی بوون، ئەوەتا (( ربیع کوڕی خیثم)) ئەوەندە چاوی بەرامبەر تێڕوانینی ئافرەت نووقاندووە ئافرەتەکان واگومانیان بردووە کەکوێرە.

کەواتە برای بەڕێزو خوشکی ئازیز: کاتێك لەسەر ئینتەرنێتیت و پەنجەت خستۆتە سەر ((Enter)) بیربکەرەوە خوا چاودێرە، خوا بیسەرو بینەرە. بۆیە ئەوەی خراپە لەماڵپەڕو پێگەکان خۆتی لێ بپارێزە، وە ئەو پێگەیەش کەمایەی ئاشنابوونتە بەئاین و ڕەوشت خۆتی تێدا زیاتر شارەزابکە.

**ڕاوەستانێك بۆ سەرزەنشت کردنی دەروونت:**

برای خوێنەر بزانە:
- ✓ تێڕوانین بۆ ئافرەت قەدەغەیە لەشەرعدا.
- ✓ بیستنی گۆرانیو مۆسیقا قەدەغەیە.
- ✓ پێویستە لەسەرت بیروباوەڕت زیاتر پتەوبکەیت.
- ✓ پێویستە لەسەرت کەدوورە پەرێزبیت لەبێ باوەڕو ڕەوشتەکانی.
- ✓ پێویستە لەو شوێنە دووربیت کەتاوانی خوای تێدا دەکرێت.

لەکۆتاییدا: ئەم فەرموودەیەتان بۆ دەکەمە دیاری

(( بين يدي الساعة فتنا كقطع الليل المظلم، يصبح الرجل مسلما ويمسي كافرا ويمسي مؤمنا ويصبح كافرا)).

واتە: کاتێك کەڕۆژی دوایی نزیك دەبێتەوە کێچەڵ و ئاژاوەیەکی زۆر بڵاودەبێتەوە وەکو پارچەیەکە لەشەوێکی تاریك تاوەکو پیاو وای لێ دێت بەبەرەبەیان موسڵمانەو بەئێوارە بێ باوەڕ، وە بەئێوارە باوەڕدارو بەبەرەبەیان بێ باوەڕ.